# لەهەولێر رۆحی ئینسانەکان دەفڕێت

**دەشتی سەباح – هەولێر**
**dashtiabdulla@myway.com**

## "بەخۆم کوشتم، ئاخر کچ بچێتە سلێمانیو بێتەوە، حەیاچوونە، ئەو حەیایی بردین، بۆیە کوشتمان"

لەژێر یەکێك لەوێنەکانی پیاوێکی بەتەمەن بەناوی (حوسێن) سەبارەت بەکوشتنی کچە ١٥ ساڵانەکەی بەناوی (نەورۆز) لەسەر کێشەی مۆبایل وا نووسراوە



دیمەنێك لەپێشانگای دۆکیومێنتاری (نمایشی هەڵفڕینی رۆحەکان)

سیمای هەموو ئەو رێبوارانە دەگۆڕا کاتێك بۆ پیاسەکردن یاخود کاری تایبەت دەگەیشتنە بازاڕو چاویان بەو وێنە گەورەکراوانە دەکەوت کە لەژێر دیواری قەلا بەرامبەر بە شەقامی باتای شاری هەولێر

ئەو وێنانە هەر یەکەو کارەساتێکی دڵتەزێنی واقیعی کۆمەڵگای کوردیت بۆ دەگێڕێتەوە کە بەرهەمی ٢ ساڵ شەونخونیو ماندووبوونی رۆژنامەنووس (هیوا فریادرەس)ە واتە لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٤ تا ٢٠٠٦)، کە کاتی خۆی بەشێکی زۆری لەرۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، ئێستاش وەك پرۆژەیەکی (بزاڤی ژیان، بۆ رووناکبیریو چاکسازی کۆمەڵایەتی)، کردویەتییە پێشانگایەکی تایبەت.

(نمایشی هەڵفرینی رۆحەکان) ناوی ئەو پێشانگا دۆکیومێنتارییە گەرۆکەیە کە لەلایەن رۆژنامەنووسی گەنج (هیوا فریادرەس) ئەنجامدراوەو یەکێکە لەکارەکانی (بزاڤی ژیان)، تا ئێستا پێشانگاکە لە ٢ شوێن کراوەتەوە، رۆژی یەکەم لە١١/٦ لەبەردەم کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەددین، رۆژی دووەمیش لە ١١/٧ لەبن دیواری قەڵای بازاڕی هەولێر، بڕیاریشە رۆژی سێیەم ببردرێتە پاركو شوێنانی دیکەش، هیوا دەڵێت "بۆیە ئەو کارەمان کرد، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کۆمەڵگای ئێمە تاکو ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو پێشکەوتنەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت".

هەر تابلۆیەك نزیکەی بڕی (٥٠) $ ی تێچووە کە بەشێوەیەکی رێك لەسەر ستاندێکی تایبەت ریزکراون، پرۆژەکە نزیکەی (٣٠٠٠)$ ی تێچووە، وەزارەتی رۆشنبیریش بە (١٣٠٠)$ هاوکاری کردوون، ئەوە جگە لەهاوکاری برادەرانی بزاڤی ژیان کە فریادڕەس بەسوپاسو رێزەوە هاوکاریەکەیان هەڵدەسەنگێنێت، هیوا زیاتر دەڵێت "بەشێکی زۆری پارەکەمان قەرزکردووە، دواتر لەسەر بوودجەی بزاڤ دەیدەینەوە"، گوتیشی "رەنگە پارەی زیاتریش خەرج بکەین چونکە پێشانگاکە دەبەینە شوێنی دیکەش".

پێشانگاکە پێکدێت لە (٦٤) وێنەو تێکستی دۆکیومێنتاری، کە قوربانیەکانیش بەشێوەی (خۆسووتاندن، خۆخنکاندن، کوشتن بەگوللە، کوشتن بەتەور، بەچەقۆ)، لەرەگەزی نێرو مێ پێکهاتوون، رووداوەکان لەهەموو شارەکانی کوردستان روویانداوەو بەتێکڕا تەمەنیان لەنێوان (١٢ تا ٤٢) ساڵی دایە، جگە لەوێنەی قوربانییەکان، وێنەی بکوژەکانیش دانراون، فریادڕەس دەڵێت "ئێمە کاتێك ئەو پێشانگایەمان کردووە جگە لەوەرگرتنی مۆڵەت لەپارێزگای هەولێر، پرسمان بەکەس نەکردووە، چاوەڕێی هەڕەشەو پەرچەکرداریش دەکەین لەلایەن کەسوکاری ئەو خەڵکانەی کە وێنەکانیان هەڵواسراوە، چونکە قبوڵکردنی ئەوە قورسە بۆ خەڵك، بەڵام هەرچۆنێك بێت نابێ هەقی قوربانیەکان بفەوتێتو چاوپۆشی لەتاوانبارەکان بکرێت".

ئەو پێشانگا دیکۆمێنتارییە بە پێچەوانەی ئەو گوتارانەی کە بەردەوام باسی دیموکراسیو ئازادی مرۆڤو مافی ئافرەت دەکەن، پێشاندانو دەرخستنی ئەو تراژیدیایەن کە بەهۆی عەقڵیەتی نۆستالیژیو کۆنەپەرستانەی کۆمەڵگای کوردییەوە رۆژانە روودەدەن، هەرچەندە هیچ ئامارێکی رەسمی لەبەر دەستدانییە، بەڵام بەپێی ئامارەکان کوشتنی ژنو کچان لەسەر مەسەلەکانی شەرەفو ناموسپارێزییەوە

ئـەو پێشـانگا نـاوازەو دەگمەنـە تراژیـدیای راسـتەقینەی ئـەو کـچو کوڕانـەی دەگێڕێتـەوە کـە لەسـەر مەسەلەکانی خۆشەویستیو ناموسپارێزییەوە بەجۆرەها شێواز کوژراون، یەکێك لەوێنەکان لەسەر دیوارێك بە گەورەیی نووسراوە (خۆشم دەوێیت)، فریادڕەس گوتی "ئەوە ئەو وشـەیەیە کـە چـەندان کچـی لەسـەر کوژراوە"، نووسینەکەش لەوە دەچێت دامرکاندنەوەی رقی کوڕێك بێت کاتێك باوکی رازی نابێت کچـەکەی خۆی بداتەوە ئەو کوڕە چونکە یەکتریان خۆشدەوێت.

گەنجێکی عەرەب کە بەرێککەوت بەشوێنەکە تێپەڕی هەڵوەسـتەی کـردوو پرسـیاری کـرد کـە ئـەم وێنانـە چین، فریادڕەس بە عەرەبیکی (قواعیدی) مەسەلەکەی تێگەیاند، ئەویش رەخنەی کردو گـوتی "دەبووایـە نووسینەکان بە زمانی عەرەبیش هەبووان تـا ئێمـەش بتـوانین بیانخوێنینـەوە"، فریـادڕەس گـوتی "ئـاخر کێشەکان کوردینو لەشارێکی کوردییەو بۆ خەڵکی کوردە"، گەنجە عەرەبەکە دیسان گوتی "ئاخر هـەولێر شـارێکی سـیاحیەو پێویسـتە بـەزمانی عـەرەبیش هـەبێت"، دواتـر بـەبێ ئـەوەی بتوانێـت هـیچ شـتێك بخوێنێتەوە رۆیشت.

پاکەتێك فرۆشێك کە رێك دەکەوێتـە بەرامبـەر پێشـانگاکە، لەیەکـەم سـاتی کردنـەوەی پێشـانگاکە چـاوی بەوێنەکانو نووسراوی سەر وێنـەکان کـەوتووە، دەڵێـت سـەیرکردنی ئـەو وێنانـە بەرناکـەوێت، "بەراسـتی خەڵکێکی زۆر سەیری دەکەنو ئاخ هەڵدەکێشن"، پێدەچوو ئەو کوڕە گەنجە پاکەت فرۆشە زۆری پـێ بـێ بۆ گوتن، بەڵام لەبەر ئەو شۆکەی کە وێنەکانی بینیوە نەیدەزانی چۆن تەعبیر لەراکانی خۆی بکـات، هـەر ئەوەندە نەبێت، بەسەر لەقاندنەوە گوتی "کاکە ئەوە کارەساتە .. کارەسات".

گەنجێکی شاری هەولێر بەناوی هـەژار ئیسـماعیل، کاتێـك سـەیری وێنـەکان دەکـاتو خـۆی بـۆ ناگیرێـتو دەڵێت "ئەمە چ بیروبۆچوونو ویژدانێکە، کاتێك دەستی باوك سوور دەبێت بـە خـوێنی کچـەکەی، دەسـت سووری براش بە خوێنی خوشك لەوێوە بوەستێ، ئایا ئەمە چ ویژدانێکە".

جیـا لەوێنـەی ئاسـایی قوربانییـەکانو بکوژەکـان، بەشـێك لەوێنـەکان، دیمـەنی ژنـانی سـووتاو شـوێنی رووداوەکانو پاشماوەی کارەساتەکان بوون.

لەژێر یەکێك لەوێنەکان دەستێك لـەژێر خۆڵـەوە دەرکـەوتووە، بـەزمانی پەنجـەکانی هاوارێـك بـۆ ویـژدانی خەوتووی ئینسانەکان دەکات، تا ئەگەر هـیچ نـەبێت ژیـانی بـەزۆر لێ نەسـێننەوە، نووسـراوە "لەسـەدەی شەشەمدا لەعەرەبستانو لەسەدەی بیستو یەکەمدا لەکوردستان ژنان زیندەبەچاڵ دەکرێن".